# فرمێسکەکانی ڕەفسەنجانی !

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com



لەبینەو بەردەکانی هەرای هەڵبژاردن لە ئێران ،ڕەفسەنجانی پاش ئەوەی کچێکی گەنجی ئێرانی دەڵێ من دەنگت پێ نادەم ، ڕەفسەنجانی دەست دەکا بە گریان و بەڵێن دەدا ، کە ئەگەر گەنجانی ئێران دەنگی پێ بدەن ، ئەوا لە ژێر سایەی حوکمی ئەودا ، ئاواتەکانیان دێتە دی.لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە ، ڕەفسەنجانی بۆ هەموو شوێنێك ، پۆلێ کچی گەنج ، بە مەکیاژی تازە کە گەیشتۆتە ڕەنگ کردنی ئەو بەشە لە تاڵەکانی پرچیان،کە لەچەکانیان هاتۆتە دەرەوە،دەبا بۆ هەموو شوێنەکان و بەڵێن دەدا ، بە کردنەوەی بواری زیاتر بە دیموکراتی کردنەوەی،سیستەمی حوکم ، کردنەوەی بواری زیاتر بۆ گەنجانی ئێران ، لە کوردستانیش هەندێ بەڵێنی تری سیاسی و ریفۆرمی دابوو .

پرسیارێك کە لە بەردەمی کۆمەڵگەی ئێران دایە ، ئالای ریفۆرم کە لە لایەن ، باڵێکی حکومەتی ئیسلامی ئێران بەرز کراوەتەوە ، لە هەڵسەنگاندن و ژماردنی دەسکەوتەکاندا ، چەندە خزمەتی بە بزوتنەوەی دیموکراتی کردووە لە ئێران ، چەندە خزمەتی بە مانەوەو خۆگونجاندن و خۆتازەکردنەوەی ئەو ڕژێمە کردووە ؟

سیاسەتمەدارە ڕۆژئاوایەکان ، ڕەفسەنجانی بە سیاسەتمەدارێکی براغماتی و زیندوو لە قەڵەم دەدەن ، ئەم وەسفە (ئەنیقە ) ئەگەر تەرجومەی بکەی ، بۆزمانی باجەکانی کۆمەڵگەی ئێران ، بۆ بەخشینی متمانەیی بۆ دەورەیەکی تر ، بە عومری درێژی جمهوری ئیسلامی ،دەبینی چەندە وەسفێکی خاڵی و بێ ناوەرۆکە ، ڕەفسەنجانی بۆ کەمپینەکانی هەڵبژاردن ، وەکو کەناڵەکانی میدیای ڕۆژئاوا ، کە بۆ فرۆشتنی شامپۆ ، سوود لە دیمەنی سێکسیانەی قژی کچانی گەنج دەبینین ، ئەویش بە هەمان شێوە دەیەوێ ئەتراکتیف بوونی گەنجان ، بکا بە موگناتیسێك بۆ کۆکردنەوەی سەر لە نوێ ی گەنجان بە دەوری پرۆسەی هەڵبژاردن ، لە کاتێکدا هەر لە هەمان توێژی ئەو گەنجانە،کە لە دەوروبەری مەریوان لە سەیرانەکانیاندا،دوور لە چاوی پاسدارو پۆلیسەکانی ئەخلاق ، دەستی یەکتر دەگرن بۆ هەڵپەرکێ ، لە ڕێگای گەڕانەوەیاندا بۆ شار بە تۆمەتی سەرپێچی لە یاسا لە ماشێنەکانیان دایان دەگرن ، تووشی لێپرسینەوە دەبن .

**من لەو باوەڕەم ئەگەر بزوتنەوەی دیموکراتی لە ئێران ، بە بایکۆت کردنی هەڵبژاردن نەشتوانێ ، کۆمەکیەك بکا بە پڕۆسەی ئاوابوون و دەرزەکانی چارەنووسی سیاسی ئەو ڕژێمە ، بەلای کەمی دەتوانێ تەقلیدێکی تازە لەم زۆرانبازیە سیاسیە بێنێتە ئاراوە ، کە ئەویش متمانەیە ، بە سەپاندنی ڕیفۆرمی زیاتر بە سەر ئەو ڕژێمە ، بێ ئەوەی ئەو متمانەو فشار هێنانە تەنیا بەسترابێتەوە ، بە شانۆگەریەکانی هەڵبژاردن لە ئێران .**